# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## خاڵای لەگەڵ ڕووەکەکان قسە دەکات

Skriven av: Ursula Nafula
Illustrerad av: Jesse Pietersen
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.sv


# خاڵای لەگەڵ ڕووەکەکان قسە دەکات



Ursula Nafula
Jesse Pietersen
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 2



ئەمە خاڵایە. ئەو تەمەنی حەوت ساڵە. وشەی خاڵای بە زمانی ئەو “لوبوکوسو” واتە: “کەسێکی باش.”



خاڵای لە خەو هەڵدەستێ و لەگەڵ دارپڕتەقاڵەکە
قسە دەکات: "تکایە داری پرتەقاڵ باش گەورە بە و
پڕتەقاڵی زۆری پێگەییومان بدەیە."



خاڵای بۆ قوتابخانە دەچێت. لە ڕێگادا لەگەڵ گژوگیاکان قسە دەکات: “تکایە گژوگیاکان، سەوزتر بن و وشك مەبن.”






خاڵای ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: هێشتاش پڕتەقاڵەکان هەر سەوزن. خاڵای دەڵێ: “دار پڕتەقاڵ، بەیانی یەکتر دەبینینەوە، لە وانەیە ئەوکات تۆ پڕتەقاڵێکی پێگەییوت هەبێ بۆ من!”



خاڵای بە لای گوڵە خۆڕسکەکاندا تێدەپەڕێ: "تکایە گوڵەکان، هەمیشە خونچە بدەن بۆ ئەوەی من ئێوە لە قژم بدەم."





کاتێک خاڵای لە قوتابخانە دێتەوە، سەردانی دارپڕتەقاڵەکە دەکات. خاڵای لێی دەپرسێ: "ئەرێ ئێستا پڕتەقاڵەکانت پێ گەییون؟"



له قوتابخانەش، خاڵای لەگەڵ دارەکەی ناوەڕاستی حەوەشەی قوتابخانەکەیان قسە دەکات: “تکایە دارەکە، لقی گەورە دروست بکە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەژێر سێبەرەکەتدا بخوێنینەوە.”





خاڵای لەگەڵ دارپەرژینی قوتابخانەکەی قسە دەکات: “تکایە، زۆر گەورە بەو ڕێگە لە هاتنە ژوورەوەی کەسانی نەخوازراو بگرە.”